ژمارەی کوژراوان لە غەززە 34 هەزار کەسی تێپەڕاند

وەزارەتی تەندروستیی فەلەستین ڕایگەیاند، لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا بەهۆی هێرش و بۆردومانەکانی ئیسرائیلەوە بە سەر کەرتی غەززە، 37 کەس گیانیان لەدەستداوە. دەشێت، "لە 7ی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا 34 هەزار و 49 کەس لە کەرتی غەززە گیانیان لەدەستداوە و 76 هەزار و 901 کەسیش بریندار بوون".

ئەمە شەممە، وەزارەتی تەندروستیی فەلەستین ڕایگەیاند، لە سەرەتای دەستپێکی جەنگی نێوان حەماس و ئیسرائیل لە ڕۆژی 7ی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا، 34 هەزار و 49 کەس لە کەرتی غەززە گیانیان لەدەستداوە و 76 هەزار و 901 کەسیش بریندار بوون.

ئاماژە بۆش کراوە، لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا بەهۆی هێرش و بۆردومانەکانی ئیسرائیلەوە بە سەر کەرتی غەززە، زیاتر 37 کەس گیانیان لەدەستداوە و 68 کەسیش بریندار بوون.

ئەوەش خراوەتە ڕوو، لە ماوەی 48 کاتژمێری ڕابردوودا، 79 کەس گیانیان لەدەستداوە و 131 کەسیش

بریندار بوون.